# ١١ ـ چاو بەستنەوە

لە بەینی «٣ ـ ١٢» منداڵ ئەکرێ چاوی یەکێکیان بە پارچە پەرۆکێك «قماش» ئەبەستنەوە ، ئەوانەی تریش هەر یەکە لە پڕ کە بۆی هەڵکەوت شەپێك لە سەری چاو بەستراوەکە ئەداو لێی دوور ئەبێتەوە ـ منداڵە چاو بەستراوەکەش هەر جارەی هێرش بۆ لایێك ئەباو دەستەکانی درێژ ئەکا بۆ پێشەوەو تەنیشتەکانی ، ئەگەر یەکێکی گرت ئەوا خۆی رزگار ئەکاو منداڵە گیراوەکە لە جێگای ئەوا چاوی ئەبەسرێتەوەو گاڵتەی پێ ئەکەن‌و شەپی لێ ئەدەن .

هەر منداڵێك کە جاری یەکەم خۆی تەرخان بکات بۆ چاو بەستانەوە ، پاش ئەوەی کە رزگار ئەبێت ئەگەر بشگیرێت جارێکیتر چاوی نابەسترێتەوە لە بەر ئەوەی جاری یەکەم خۆی بەخت کردووە ئەیبورن .

❀❀❀❀